## ئیسلام و پەروەردە!... جەلال ڕەووف ئەمین



گومان لەوەدا نیە کە گەلی عەرەبی داهێنەری ئیسلام و هەموو ئەو گەلانەی تریش کە ئەم دەسەڵاتەیان بەسەردا سەپێندرا و ئێستا بە جیهانی ئیسلام ناو دەبرێن شۆک و پەرێشانن لە بەرامبەر خێرایی پێشکەوتنەکانی گەلانی ئەوروپی و ئەمەریکی، لەگەڵ هەر داهێنان و تازەگەریەکی زانستیدا ئیسلامیش شرۆڤەیەکی نوێ بۆ قورئانەکەیان دەکەن و فتوایەکی تازەش دەردەکەن، چەندین ڕێچکە و ڕێبازی پێچەوانەی یەک پێکهاتەی ئەم جیهانە ئیسلامیەن بێ ئەوەی بتوانن لە یەکتر بگەن و خۆیان چاک بکەن پەلاماری گۆی زەوی دەدەن بۆ چاک کردنی جیهان، بەرچاو لێڵی و تاریکایی نێو نێوەندە ئیسلامیەکان بە جۆرێکە توانای یەکتر خوێندنەوەیان نەماوە و ڕۆژانە ڕەشاوی هەڕەشە و گورەشەی یەکتریان لێ دەچۆڕێ هەموشیان قورئانیان بە دەستەوەیەو دەڵێن ئەمە باشترین دیاری مرۆڤایەتیە ئەوان لەهەر کوێ بن شەڕ و مەرگ و خوێنی لێیە سەیرە دەشڵێن خوا و قورئانمان ئاشتی پێیە، زیاتر لە 1400 ساڵە 114 سورەتەکەی قورئان ئەم دی و ئەو دیو دەکەن و پێمان دەڵێن پڕە لە حیکمەت و زانست بەڵام ئاخ تێی نەگەشتوین! بڕوا ناکرێت بەم نزیکانە جیهانی ئیسلام نە لە قورئان تێبگات نە وازیشی لێبهێنێت ئەوەی دەیڵێن ملیاران جار وتویانە هیچی تازەیان پێنیە پواوی ڕزیوی بەرنامە و بۆچونەکانیان لە جوینەوەی باسەکانیاندا دیارە و خۆشیانی بێزار کردوە ئەوەتا سایتی دەنگی ئیسلام دەنوسێ ئەو هەموو ستایش و پیا هەڵدانەی محەمەد لە ڕۆژی لە دایک بونیدا ناجۆرە و بیدعەیە و کردەوەی فاتمیەکان بووە، لەوەتەی هەن لە ململانێی ناوخۆیدان ئەم دەڵێ قورئان وا دەڵێ و ئەو دەڵێ نەخێر وا نالێ و باش حالی نەبوی لە بەینی ئەم حالی بون و حالی نەبونەدا لە ئاراستەی پەروەدەیەکی چەواشەکاریدان بۆیە منیش خەو بە بڵندگۆیەکەوە دەبینم دەنگی لە ئاست کۆدەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکانی کوردستاندا بێت و پڕ بە گەروم لێوەی هاوار بکەم وەزارەتی پەروەردە بپارێزن نەکەن بە سازشێک بیدنە دەست ئیسلامی ئیسلامی پەردە پۆشی هەر ناوێک بن هی ئەوە نین ئاراستەکەری پەروەردەیەکی زانستی و سەردەمی بن نەکەن پەروەردەی کوردستان خوێناوی کەن نەکەن نەوەکانمان لە پەروەردەیەکی نوێی ئیسلامیدا تەوقیت بکەن لە سەردەمێکی تردا زرمە بکەن نەکەن با تیۆری ئەنفال فێری نەوەکانمان نەکەن خۆیان ئەنفال بکەن نەکەن با شاخ بۆ بیابان سەر دانەخات کورد بۆ عەرەب مل کەچ نەکات جارێکی تر محەمەدەکان زەردەشتەکان لە ناو نەبات نەکەن با چیتر بۆ پیرۆزی حەج وعومرە بژێویمان لێتێک نەدەن، نەکەن ترسناکی پەروەردەیان تێکەڵی پەروەردەمان کەن لە دوایدا ڕێگەی ڕونمان لێ لێڵ دەکەن، لە ماڵپەڕێکی ئەنتەرنێتا ئەم وێنانەی خوارەوەم دی گەواهی پەروەردەی ئیسلامی ئەدەن و بۆمان ئەدوێن لە بەراورد کردنێکی وردکاریشدا پێمان دەڵێن خۆشەویستی و پەروەردەیەکی ئاژەڵی لە بار ترە نەک ئیسلامێک ئا بەو جۆرە نەوەکانی خۆی گۆش بکات:- بۆ زیاتر تێگەیشتن لە وێنەکاندا پەروەردەی ئیسلامی شیعە و ئیسلامی سونی جیا دەکەینەوە و لەسەرەتادا شیعە پاشان سونین.



www.kurdistannet.org

25-4-2006 15:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

